# پیشرەو

۷٤ دەورەی دووهەم — ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران (کومەلە) — نوامبر ۱۹۹٦ — ئابان ۱۳۷٥


# با لە یادی "دوکتور جەعفەر"دا ئەرکەکانی ئیستامان باشتر بناسین



رۆژی ۷ی ئابان‌مانگ دوکتور "جەعفەری شەفیعی" لە کارەساتیکی دلتەزینی ئوتومبیل‌دا دلی‌نەسرەوتووی لە لیدان‌کەوت. ئەم رووداوە دلتەزینەی مانگی ئابانی سالی۱۳٦٦ بووە هوی غەم‌وپەژارەیەکی قورس لە ناو هاوری‌یان و هەموو خەلکی کوردستان‌و ئیران و هەموو ئاسیاوانی کومەلە لە ولاتانی‌تریش.

تیکوشەرانی وەک کاک فواد" و "دوکتور جەعفەر" و "صدیقی‌کەمانگەر" کەسانیک نین کە بتوانری بە وتاریک، یان گیرانەوەی بیرەوەری‌یەک بناسیندرین. ئەوانە لەجەرگەی خەباتیکی کومەلایەتی‌دا بوونە رابەر و هاندەری خەبات، بوونە خوشەویست و جیگای متمانەی میلیونها ئینسانی چەوساوە و ئازادیخواز. ئەوان بەشیکن لە میژووی خەبات‌وتیکوشان و بەرەوپیش‌چوونی کومەل لە کوردستان و لە ئیران، داهینەر و رابەری بیری‌نوی و ژیانی‌نوی بوون، لە ناو دلی کومەل و لەمیژوودا جیگیر بوون، هەر بویەشە مەرگ نەیتوانیوە و قەت ناتوانی شوینەواریان بسریتەوە.

"پیشرەو" کە بە زوری بە هیمەتی "دوکتور جەعفەر" بوو بە گوڤاریکی مونەزەم و جیکەوتوو، نایەوی لە یادی "دوکتور جەعفەر"دا میژووی ئەم دەورەیە بگیریتەوە، بەلکوو بەئەرکی خوی دەزانی بەم‌بونەوە لە ژمارەی ئەم ئابان‌مانگەی‌دا گرینگی‌ی چەند ئەرکیکی خەباتمان لە هەل‌ومەرجی ئیستادا بخاتە بەرچاو، یان بە زمانیکی‌تر تەئکید

ل ۲

هەوالی تەحویل دانەوەی ۷پیشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە رژیمی ئیران ل۷

روژهەلاتی ناوەراست جاریکی تر لە ناوەندی سیاسەتی جیهانی‌دا ل۱٦


**ورمی:**
رەفتاری غەیرە ئینسانی‌ی رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر کریکارە ئاوارەکانی کوردستانی عیراق ل۲

**سنە:**
ژیانی خەلکی زەحمەتکیشی دیهات ل۲

**سەقز:**
فشاری مەئموورینی رژیم بو سەر سیگارفروشەکان ل٥

**قوروە و بیجار:**
ژیانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش ل٥

**شنو:**
مین ریژ کردنی سنوورەکان و زەخت‌وزور رژیم بەرانبەر بە کاروانچی‌یەکان ل٦

**مەریوان:**
کوژرانی سەربازیک بەدەستی فەرماندەی پادگانی کرماشان ل

بەسەرهاتیک لە نامەیەک‌دا ل


★ رژیمی جمهووری ئیسلامی لە مەیدانی بەرانبەرکی‌ی فەرهەنگی بەرانبەر بە خەلکی کوردستان، چی پی‌یە؟ ل

★ ئولەمپیک و رای رژیم لەسەر وەرزشی ژنان. ل



کومەلیکی‌تر لە لاوانی شورشگیر بە هیزی پیشمەرگەی کومەلە پەیوەست بوون ل۸

بکاتەوە لەسەر ریبازی "دوکتور جەعفەر" و هاوریبانی کومەلە لەم هەلومەرجەی نیستادا.

با لە وەلامی ئەم پرسیارەوە دەست پی‌بکەین، کە چون بوو پولیک تیکوشەری بەژمارە کەم لە هەلومەرجیک‌دا کە هیواوهومید کەم‌بوو و ترس‌وسام سیبەری بەسەر شار و لادی‌دا کیشابوو، دژ بە دەسەلاتی بەهیزی پاشایەتی خەباتیان دەکرد و بوون بە پیکهینەر و بەریوەبەری رەوتیکی گەورەی کومەلایەتی؟

بە بروای ئیمە یەکەم هوی ئەوە بوو کە هاوریبانی ئەوکاتی کومەلە هەلگری بیروباوەری تازەبوون، پشتیان بەست بە رەوتیکی کومەلایەتی کە لە گەشەوهەلدان‌دا بوو، یانی خویان لەگەل واقعییەتی تازەی کومەل کە بریتی‌بوو لە خوگرتن و هاتنەمەیدانی چینی کریکار یەک‌خست و، بەگژ بیروبوچوونی کون‌دا چوون و نارازیانە دژ بە داب‌ونەریتی کون راوەستان.

دووهەم خالی بەهیزی رەوتی کومەلە ئەوەبوو کە بایەخی گرینگی بو گەشەو پتەوکردنی ریکخستنەکانی دانا و، پەیگیر و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە فەعالییەتی سیاسی و تەبلیغی و کاری ریکخستن بیریتە ناو کارگا و کارخانە و شوینی‌ژیانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش. تیکوشەرانی کومەلە هاوکات لەگەل ئەوە کە بایەخیان بو راهینانی سیاسی‌و بردنەسەری وشیاری خویان دادەنا، هیچ نان‌وساتیک لە تیکەلاوی لەگەل ژیانی خەلک غافل نەبوون و، بیونە سیمای ناسراو و خوشەویست لەو ناوچانەی وا لی‌ی هەلدەسووران.

کاتیک هەلومەرجی راپەرین رەخساو، خەباتی نیعتیرازاتی جەماوەری‌ی پەرەی‌ساند، هەلسووراوانی کومەلە و یەک لەوانە "دکتور جەعفەر" بەهوی ئەوە کە لە ریکخراویکی مونەزەم‌دا بوون و، هەم بەهوی بیروبوچوون و ناسیاویان لەناو خەلک‌دا، دەوری بەرچاو و رابەری‌یان پەیدا کرد. لیرەدا دەبی ئاماژە بو ئەو راستی‌یە بکەین کە گەشەی سیاسی و راپەرین، ئەم هەلەی رەخساند، بەلام بەبی ئەو دوو هویە سەرەکی‌یەی وا لە سەرەوە باسی‌کرا نەدەتوانرا لە راپەرین و گەشەی خەباتی سیاسی‌دا، رەوتیکی کومەلایەتی وەها بەهیز بیتە مەیدانی سیاسی کوردستانەوە.

با ئیستاش چاویک بە هەلومەرجی کومەلایەتی و سیاسی و، خالە بەهیز و لاوازەکانی خومان‌دا بخشینین و لەگەل ئەو رابردووە بەراوردیان بکەین تا بزانین سەرەکی‌ترین ئەرکەکانمان بو بەهیزترکردنی کومەلەمان چی‌ن؟

ئەمرو دەسەلاتی رەشی جمهووری ئیسلامی لە ئیران و کوردستان خوی داسەپاندوە. کوردستان بوەتە ولاتیکی میلیتاریزە و هەلسوورانی هیزی پیشمەرگە بەرتەسک بوەتەوە. هەژاری‌ونەداری بالی رەشی بەسەر زوربەی خیزانی ئەو ولاتەدا کیشاوە. بیجگە لەوانە هیزی پیشمەرگەی کومەلە بەهوی وەزعی کوردستانی عیراقەوە و، لەلایەن هیزەکانی دەسەلاتدارەوە لەو ناوچەیە مەحدوودییەتی دیاری‌کراوی بەسەردا سەپیندراوە. ئاشکرایە کە هەموو ئەم مەحدوودییەتانە تەئسیری لەسەر هەلومەرجی شورشگیرانە لەناوخوی کوردستانیش داناوە و تا رادەیەک نائومیدی و کەم‌هیوایی پەرەی‌سەندووە.

بەلام لەگەل هەموو ئەم مەحدوودییەتانەشدا بەهوی زولم‌وزوری بی‌رادە و نالەباری باری ئابووری‌و چەوساندنەوەی بی‌رەحمانەی کریکاران و زەحمەتکیشان، زەمینە و زەرفییەتی نیعتیرازاتی جەماوەری هەیە و لە داهاتوودا زیاتریش دەبی. سەرەرای مەحدوودییەتی فەعالیەتی عەلەنی و کاری پیشمەرگانە، هیشتا ئالتەرناتیوی موسەلەح لە کوردستانی ئیران‌دا مەوجوودیەتیکی حاشاهەلنەگرە. ئیمە دەورەیەکی ١٨ساڵە ئەزموون و خەباتی ئاشکرای پر لە شانازیمان بە پشت‌سەرەوەیە، زور کادر و سیمای خوشەویست و ناسراومان هەیە. کومەلە و سیاسەتەکانی بونەتە جیگای متمانەی زورلیکراوان و چەوساوەکان.

سەرجەم و بە کورتی دەتوانین بلیین کومەلە ئیستا ئیتر تەنیا تەشکیلاتیکی نهینی نیە بە بیروباوەری تازەوە بەلکوو بوەتە رەوتیکی کومەلایەتی کە بیروباوەری نوی‌ی لەگەل مەیلە کومەلایەتی و چینایەتی‌یەکان جوش داوە و متمانەی جەماوەری میلیونی لەگەلە و، مەسئوولیەتی کومەلایەتی‌و شورشگیرانەی گەورەشی کەوتوەتە ئەستو.

بەپیویستی دەزانین لیرەدا ئاماژە بە خالیکی
گرینک بکەین، ئەویش ئەو واقعییەتەیە
دەسکەوتانە دلنیایی‌یان داوە بە ریزەکان
کە خوی لەخوی‌دا زور باشە بەلام هەر ئەو دا
بوەتە هوی ئەوە کە لەهەندیک بواردا ئەرک
وەک پیویستە بەدەستەوە نەگیرین. هەلسو
ئیمە لەناوەوە کەمتر لەسەر پی‌ی خویان رادە
بەشیک لە لایەنگرانمان و کادرەکانمان لە
چاویان بریوەتە داهاتوو و پشتیان بەو رابردو
لە شانازی‌یەی کومەلە بەستووە. بەشی
هاوری‌یان‌و کادرەکانمان لە ناوەوە و لە دە
ولاتیش هەر بەو رابردووەوە دلنیان.

هەموو ئەو روحییات و لیکدانەوانە واق
زورجار نیشانەی باوەرن بە ئیعتیبار و ئ
کومەلە. بەلام با بە راشکاوی بلیین کە هە
روحییاتە هیندیک‌جار بونەتە هوی کەم بای
بە قورسایی ئەرکەکانی سەرشانمان. هە
ئیستای کومەلەی لەئەزەردا بی، ئەوە دەزان
لەگەل ئەوەی کومەلە بوەتە رەوتیکی جیگای ب
کومەلانی بەرینی خەلک، هەر بەو پی‌یەش ئەرک
قورستر بووە و جەماوەر چاوەروانی دەورون
شیاوی کومەلەن لە هەموو باریکەوە. ئەوە ئەو
کە وەک پیویست و بە باشی لە هەموو بوار
لەبەرچاو ناگیری.

گەر بە چاوەروانی‌یەکانی جەماوەر، بر
ئەرکەکانی کومەلە، بە روونی بومان دەردە
کە لە کاری ریکخستنی‌نهینی‌دا و لە هەلسو
سیاسی لە شارەکان و لە ناوەوەی کوردست
کەم‌وکوریمان هەیە. بومان دەردەکەوی کە ئەو
حوزوور و هەلسوورانە ناتوانی وەلام‌دەر
پیویستی‌یەکانی ئیستامان بی. کومەلە د
لە هەلومەرجی کەم هیوایی و نوشستی
شورشگیرانە لە دەورەی خەفەقان‌دا زیاتر هاند
بزوینەر بی. ئیمە ئیتر ناتوانین هەر چاوەر
هەلچوونی شورشگیرانە بین، بەلکوو دەبی زەمی
ئیمکانات بو هەلچوونی شورشگیرانە ئامادە بک
بەرتەسک‌بوونەوەی مەیدانی چالاکی هی
پیشمەرگەمان دەبی بە کاری سیاسی و تەشکی
لەدەرەوە و ناوەوە پر بیتەوە . پیویستیمان
هەیە کە وزە و هیزی زور کادری ناسراو
وەگەرکەوی و، هەست کردن بەم بوشایی‌یە بخ

بەرچاومان و ئەو لیپرسراویەتی‌یە میژوویی‌یەی ئیستا، کە لەسەرشانی کومەلەیە، بو جاریکی‌تریش وەئەستو بگرین و هەموو ئیمکاناتی تەبلیغی و تەشکیلاتی‌عەلەنی و مەیدانی فەعالیەتی دەرەوەی ولات بو پرکردنەوەی بوشایی‌یەک کە لە کاری سیاسی ناو جەماوەر و کاری ریکخستنی‌شارەکان‌دا هەمانە بخریتەکار. هەروەها دەبی وەک چون کونگرەکانی حیزب و کومەلە تەئکیدیان لەسەر کردوە، تەشکیلاتی عەلەنی و زەرفیەتەکانیشی تەقویەت بکرین، دەبی هەلسوورانی کومەلە لە دەرەوەی ولات بو تەقویەتی بەشەجوربەجورەکانی فەعالیەتمان بەرین‌تر بکریتەوە.

حیزبی کومونیست و کومەلە هەم سەرمایەی ئینسانی و هەم زەرفیەتی ئەوەیان هەیە کە ئەم بوشایی‌یە پرکەنەوە. گرینگ ئەوەیە چاوەروانی‌یەکانمان لە خومان و لە کومەلەمان بەرینەسەرتر و، بەپی‌ی چاوەروانی جەماوەر لە کومەلە بو خومان وەزیفە دانیین. ئەوە کاریکە کە دەبی هەموو تیکوشەران و کادرە ناسراوەکانی کومەلە لە هەرکوی هەن بەشداری تیدا بکەن.

★




ورمی:

## رەفتاری غەیرە ئینسانی‌ی رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر کریکارە ئاوارەکانی کوردستانی عیراق

لەم مانگانەی دوایی‌دا ژمارەیەکی زور لە خەلکی کوردستانی عیراق بەهوی توندبوونەوەی شەری ناوخو و بو دەرباز بوون لە دەستەنگی و بیکاری و نائەمنی، ریگای هات‌و نەهات و پر چەرمەسەری دەگرنەبەر و لە خانەوادە و مندال و ئازیزترین کەسەکانیان دوور دەکەونەوە و پەنا دەبەن بو شارەکانی ئیران. ژمارەیەکیش لەو خەلکە هەموو کەل‌و پەل‌و شت‌و مەکی ناومالەکەیان، لە راخەر و یەخچال و تلویزیونەوە بگرە هەتا باقی پیداویستی‌یەکانی ناومال دەکەن بە پوول و، مال بە کول، ئاوارە دەبن.

ژمارەیەک لەو کریکارانە تا ئیستا چەندین جار لەلایەن هیزەکانی رژیمەوە گیراون و رەوانەی کوردستانی عیراقیان کردوونەتەوە. هیزەکانی رژیم هەرکە چاویان بە کریکارانی ئاوارە دەکەوی، پیش ئەوەی بیانبەنە دەزگا رەسمی‌یەکان، بەناوی ئەوە کە ئەگەر پوولیان بدەنی ئازادیان دەکەن، ۱۰ تا ۴۰ هەزار تمەن پوولیان لی دەستینن. ئەمانیش لەبەر ئەوەی کە نەیانبەنە زیندان و نەجاتیان بی، ئەو پوولەیان پی دەدەن. بەلام کار بەمە کوتایی پی نایەت. چونکە دوای پوول ئەستاندن، تەسلیمی کاربەدەستانیشیان دەکەن.

لیرە بەولاوە ئیتر ئەزیەت‌وئازار و سووکایەتی دەست پی دەکات: چاویان دەبەستن و زور تەوهین و ئیهانەتیان پیدەکەن. دوای پیشوازی‌یەکی ئاوا و لە چەشنی جمهووری ئیسلامی، دەکەونە پشکنینیان و هەرچی پوول‌وپارەی خارجی‌یان پی بی، لییان بە تالان دەبەن و زور جاریش لەسەر ئەو پوولانە زیندانی چەند مانگەیان بو دەبرنەوە. بیجگە لەوانە، هەرچی پوولی ئیرانیشیان پی‌بیت بەناوی ئەمانەت لییان دەستینن؛ گوایا دواتر کە ئازاد بوون دەیاندەنەوە. بەلام هەر کە ئازادیشیان کردن، دیسان باجی خویانی لی دەردەکەن و بەم جورە هەر وەکوو قەرزیان بەلای ئەم ئاوارانەوە بی دەکەونە تالان‌کردن و رووتاندنەوەیان. لەدوای هەموو ئەوانە دەیانخەنە زیندان. بەلام لەپیش‌دا، ئەوەی پییان بی و لەوانە ساکەکانیان، زەوت دەکەن بو ئەوەی جاریکی‌تر تالانیان بکەن.

زیندانی بەمانەش نەجاتی نابی. هەر بە ۴۰ تا ۵۰ کەس لە یەک ژوور تەنگەبەردا زیندانی دەکەن کە هیچ کەس مەجالی ئەوەی نابی تەنانەت بە راحەت دابنیشی. تەختی زیندان تەرە و فەزایەکی بون گرتووە، بەجوریک کە سەری ئینسان تیید کاس دەبیت؛ چونکە بەهەر شەو و روژیک یەکجار دەرگا لە زیندانی‌یەکان دەکەنەوە ب کاری پیویست و بو ئاودەست. زوریک ل زیندانی‌یەکان کە پیشتر بەتەنیا لەوی بوو خویان پی‌رانە گیراوە. هەموو ئەمانە بوونەت هوی ئەوە کە وەزعی پاک‌وخاوینی‌ی نا زیندان زور خراپ‌بی. زور کەس تووش نەخوشی‌ی پیستی بوون و دەستیان بەهیچ دەرمانیک ناگا.

رەنج و ئازاری ئینسانەکان لە زیندان جمهووری ئیسلامی‌دا بەمانە کوتایی پی‌نایە ئەوەی پیی بلین نان‌خواردن لەم زیندانانەدا

## برووخی رژیمی جمهووری ئیسلامی